**_Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê_**
_Kurdistan National Congress_
**_Congrès National du Kurdistan_**
**کۆنگرەی نەتەوەیی**

KNK

**_Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 0032 2 647 30 84 Home Page:_** www.kongrakurdistan.net **_E-Mail:_** kongrakurdistan@gmail.com

## ئەنجامنامەی کۆبوونەوەی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

کۆنسەی بەڕێوەبەریی **ک.ن.ک** یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دوای جڤاتی گشتی 17، لە رۆژی 11ی نۆڤەمبەری 2017 لە ناوەندی ک.ن.ك لە برۆکسل بەڕێوەبرد. لە کۆبوونەوەی کۆنسەی بەڕێوەبەریدا رەوشی جیهان، رۆژهەلاتی ناڤین و کوردستان بە فراوانی تاووتوێ کران. هەروەها بە قوڵی لەسەر سیاسەتی دەولەتانی داگیرکەر "تورکیا، ئێران، ئێراق و سوریا" وتووێژ کرا.

لە کۆبوونەوەدا جەخت لەوە کرایەوە کە تا هەرچەندێک هێرشەکانی دەولەتی تورکیا لەسەر باکوری کوردستان زێدەتر بێت، بەهەمان شێوە بەرخۆدان لەبەرامبەر نەژادپەرستی و هێرشکاریی حکومەتی ئاکەپە بڵندتر ئەبێت. لەبەرئەوەش کە دەولەت بە هێرش و سەرکوتکردن هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێنا، هەوڵئەدات بە شێوازی جیاواز گوشارەکانی زیاتر بکات.

دەوڵەتی تورکیا بوون و نەبوونی خۆی بە پرسی کوردەوە گرێداوە. لەو چوارچێوەیەشدا سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی خۆی پیادە ئەکات. لەو بارەیەوە رژێمی توکیا هیچ جیاوازییەك لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا ناکات. هەموو هەوڵی دەوڵەتی تورکیا ئەوەیە کە بەهەر شێوەك بێ نابێ کوردان لە سەرلەنوێ دارشتنەوەو چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا هیچ دەسکەوتێک بەدەست بێنن. دوای ئەوەی تورکیا لە 2015 بەدواوە شەڕی هەمەلایەنەی دژی باکوری کوردستان و لە 2012وە دژی رۆژاوای کوردستان و باکوری سوریا دەستپێکرد، هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێنا، ئیدی دوای پرۆسەی ریفراندۆم شەڕی بردە باشووری کوردستان. لەبەرئەوەش کە خۆی بەتەنیا ناتوانێ سەرکەوتنەکانی کوردان بشکێنێ، لە دوای ریفراندۆمی باشوور دەرفەتی ئەوەی دۆزییەوە کە دەستپێشخەریی بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ ئێران و ئێراق و سوریا دژی کوردان بکات.

خواستی دەوڵەتی تورکیا ئەوەیە لە گۆرانکارییەکانی ناوچەکەدا کوردان بێ بەرهەم بمێنن و هەروەک سەدەی رابردوو لەژێر داگیرکەرییدا بن. هەروەها لەبەر ئەوەی کوردستانیان لەئەنجامی سەرکەوتنەکانیاندا بوونە خاوەن پێگەو بایەخێکی زۆرو بەرچاو، تورکیا هەوڵئەدا کە جارێکی تر ئاستی پرسی کورد بۆ سەردەمی سەدەی بیستەم دابەزێنێت و وەک پرسی ناوخۆیی وڵاتانی تورکیاو ئێران و ئێراق و سوریا بیناسێنێت. تورکیا بەهیچ جۆرێک نایەوێ کوردستانیان بەئیرادەی خۆیان و بە ناوی خۆیانەوە وەک ئاکتۆرێک مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان بەدەستبێنن. لەم بارەیەوە پێویستە لە سیاسەتی کوردیدا هەڵوێستێکی نەتەوەیی بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا هەبێت. بە کورتی ئەتوانین بڵێین دەوڵەتی تورکیا وەک دەسەلاتێکی شۆڤێنیست و رەگەزپەرست، نەیاری هەرە سەرەکی گەلی کوردستانە.

ئێرانیش هەروەها هەموو دەستکەوتەکانی کوردستانیان وەک کێشەو مەترسییەکی بنەڕەتیی بۆ سەر خۆی ئەبینێت. ئێران و تورکیا، بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی مێژوویی لە رەققە، ترسێکی زۆریان لێنیشت. هەوڵئەدەن بەر بەو سەرکەوتنانە بگرن تاکو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پرۆژەی دیموکراسیی کە کوردان لەگەڵ عەرەب و ئاسوری-سریانی-کلدانی لە باکوری سوریا بەڕێوەی ئەبەن، سەرنەکەوێت. هەردوو دەولەت باش ئەزانن کە ئیتر دوای سەرکەوتنەکانی رەققە، کێشەی چارەسەریی سوریای دیموکرات کەوتۆتە ناو رۆژەڤی سیاسی و دیپلۆماسیی نێودەوڵەتییەوە. ئیدی زیاتر لە شەڕ پرسەکان کەوتوونە بواری سیاسی و دیپلۆماسییەوە. ئەمەریکاو روسیاش، بەتایبەتی دوای ئازادکردنی رەققەو هەوڵدان بۆ رزگارکردنی دێرەزور، گەیشتنە ئەو راستییە کە بەبێ فیدراسیۆنی باکوری سوریا، پێشکەوتنێکی دی لە پرسی سوریادا بەدەست نایەت. لەلایەکەوە ئێران لە رێی رژێمی سوریاوە، لە لایەکی تریشەوە تورکیا لەڕێی **ئیدلیب**ەوە ئەیانەوێ بەر بە فیدرالیزمی باکوری سوریا بگرن. بە هەموو هێزی خۆیان هەوڵئەدەن کوردان لەدەرەوەی پلاتفۆرمی سیاسی و دیپلۆماسی بهێڵنەوە.

دەولەتی ئێران دوای سەرکەوتنی رەققەو ریفراندۆمی باشووری کوردستان سیاسەتی خۆی دژی کوردستانیان توندتر کرد. لەلایەکی ترەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارەدان و زیندانیکردن، کوشتنی کۆلبەران و کاسبکاران بە ئاشکرا زیاتر بووە. لە باشووری کوردستانیش هەوڵدانی

داگیرکاریی بێ پسانەوە پەرە پێئەدات. ئێران بە هاوکاریی تورکیا و بە کاریگەریی لەسەر حکومەتی ئێراق هەوڵئەدات شەڕی کوردو عەرەب پەرەپێبدات. بەڵام ئێران بە تەنیا ئەو هێزەی نییە لە سیاسەتی دژە کورددا سەربکەوێت. ئێران دەستی لەناو هەموو کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا هەیە. لەو سۆنگەیەشەوە بۆتە هێزێکی بنەڕەتی بۆ ناسەقامگیریی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستا. هەر بەو هۆیەشەوە ئێران ناکۆکی لەگەڵ زۆرێک لە دەولەتانی جیهان و ناوچەکەدا هەیە. دواجار زیندووبوونەوەی سیاسیی سعودیەی عەرەبی و دەکەوتنی قەیرانی لوبنان ئەوە دەرئەخەن کە وردە وردە ستراتیژی " هیلالی شیعی" بەرەو تەنگ بوون و گەرمارۆدان ئەچێت. لەدۆخی لەم جۆرەدا شەڕ دژی کوردان، ئێران ئەخاتە رەوشێکی ئاڵۆز و سەختەوە.

کۆنسەی بەڕێوەبەری کنك سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی ناوەندیی ئێراق هەڵسەنگاندنی جدیی کرد. هێرشەکانی حکومەتی بۆ سەر ناوچە جێناکۆکەکان لە کەرکوک و توزخورماتوو، خانەقین، جەلەولا، شەنگال، مەخمور و موسڵ و هتد.. لەرێی هێزی میلیشیای وەک حەشدی شەعبییەوە، بە داگیرکاریی لە قەلەمدا. دەرفەتی ئەوە هەبوو حکومەتی ناوەندیی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێم لەرێی دیالۆگەوە چارەسەر بکات. بەلام ئەو بە پشتگیریی ئێران و تورکیا هێرشی کرد. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بانگی حکومەتی ئێراق ئەکات کە دژی کوردان لەگەڵ ئێران و تورکیا نەچێتە ناو هاوپەیمانیی. پێویستە ئێراق لە رەوشی ئاڵۆز و پڕ قەیرانی تورکیاو ئێران دەرس وەربگرێت. پێویستە ئەو راستییە بزانێ کە نە تورکیاو نە ئێران ئاسوودەیی و بەرژەوەندی گەلی ئێراقیان ناوێت. کنك هۆشیاریی بە حکومەتی ناوەدنیی ئێراق ئەدات کە لەجیاتی ئێران و تورکیا شەڕ لە دژی کوردان نەکات. ئێمە جارێکی تر داوا ئەکەین کە لەسەر بنەمای دەستوور دەست بە دیالۆگ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەنەوە.

کۆنسەی بەڕیوەبەریی بە تایبەتی لەسەر دۆخی باشووری کوردستان هەڵوەستەی کرد. کنك بە پێشخستنی کارەکانی خۆی لە باشووری کوردستان، بەردەوام هەوڵی داوە دیالۆگی ناوخۆیی بەهێزتر بکات. دوای ریفراندۆمیش هەوڵی داوە بە چەندین بانگەواز و بەیاننامە لەسەر پرسی باشوور راوەستێت و پشتگیریی خۆی بۆ گەلی باشوور دووپات کردۆتەوە. سەرەڕای ئەو هەموو رووداوو کارەساتە ناخۆشانەی دوای ریفراندۆم روویان دا، بەلام بەرپرسانی باشووری کوردستان لەجیاتی رەخنەلەخۆگرتن و بەخۆداچوونەوە، کەوتوونە یەکتر تاوانبارکردن. لەراستیدا پێویست بە رەخنە لەخۆگرتنە لەبەرامبەر گەلی باشووردا. سیاسەتێکی نادرووست بەرێوەچوو کە لە ئێستادا کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی خەڵک کردووە. یەکتر تاوانبارکردن جارەسەری کێشەکە ناکات. کۆنسەی بەڕیوەبەریی کنك جارێکی تر بانگەواز ئەکات هەموو هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە ژێر چەتری نەتەوەییدا ستراتیژیی سیاسەتی یەکێتی ناوخۆیی پێشبخەن.

بەداخەوە بەرێوەبەریی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی بەرپرسیاریی خۆیدا لەگەڵ گەل روون نییە. لە بری ئەوە کەتۆتە خۆ پاراستن و پاساوهێنانەوە. بەو هۆیەشەوە کێشەی یەکتر تاوانبارکردن درووست بووە. ئەمەش بێگومان لە قازانجی دەوڵەتانی داگیرکەرە کە هەمیشە لە هەوڵی پارچەکردنی هێزەکانی ئێمەدان.

کۆنسەی بەڕێوەبەریی کنك ئەو کێشانەشی وەک پێشووتر گرتە دەست کە دوای ریفراندۆم دەرکەوتن و بەردەوامیشن. بەڵام پێویستە قوڵتر و فراوانتر هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت. بەگشتی ئەو راستییە دەرکەوت کە پێویست بە نوێبوونەوەی هۆشیاریی سیاسی هەیە.
چونکەکورادن لە ناو دووبارەکردنەوەی سیاسەتی کلاسیکدا ون ئەبن. هەر سیاسەتی پارچەکردن و **من من** بوو لە قۆناغی جەنگی یەکەمی جیهان و جەنگی دووەمدا ئێمەی ون کرد. لێ ئەمرۆ کە قۆناغی شەڕی سێیەمینی جیهانییە، دەرفەتی سەرکەوتن زۆرە. نە کورد کوردی جارانن، نە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش وەکو پێشوون. سووربوون لەسەر رووانینە کۆنەکان ئەمرۆمان بزر ئەکەن.

هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی درووست ئەتوانن ببنە سەرەتایەکی نوێی هۆشیاریی لە باشووری کوردستان. بەر لە هەر شتێک هۆشیاریی دیموکراتیک پێویستە. ئیدی بەشدارکردنی کۆمەڵگە لە سیاسەت و بڕیارداندا کارێکی هەرە پێویستە. پێویستە گەل سیاسەت و بەرێوەبردن کۆنترۆڵ بکات. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەو باوەڕەدایە تا هەرچەندێک گەلی باشوور ناڕازی و خەمباریش بێت، نابێ لە دەرفەتی سەرکەوتن بێ دەربەست و خەمسارد بێت.

خاوەن دەرکەوتن لە ئەزموونی رۆژاوای کوردستان، دیالۆگی نێوان گەلی باشوورو رۆژاوا، ئەکرێ دەرگا لەسەر سیاسەتێکی نوێ لە باشووری کوردستان بکاتەوە.لەو بارەیەشەوە کنك پێویستبوونی دانوستان لە نێوان هەردوو پارچەدا، وەک بنەمای یەکتر بەهێزکردن ئەبینێت.
پێویستە گەلی باشووری کوردستان ئەو راستییە بزانیت، هێزی هەموو کوردان لە باکورو رۆژاواو رۆژهەلات لە پشتیانن. لێرەوە گرنگە ورە لە هێزی کوردانی هەموو پارچەکان وەربگرێت.

لەو چوارچێوەیەدا کۆنسەی بەڕێوەبەریی کنك بە پێوستی زانی بە رێبازو کاری خۆی لە باشووری کوردستاندا بچێتەوە . کنك وا ئەبینێ کە سەرەڕای کارو خەبای خۆی لەگەڵ پارت و رێکخراوە سیاسییەکاندا، راستەوخۆش خەباتی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا پێشبخات. کنك ئەخوازێ

به دامەزراندنی پلاتفۆرمی جۆراوجۆر لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگە، کارو خەباتی خۆی لە باشووری کوردستان پەرە پێبدات. لەم ڕێیەشەوە بە هێزی خەڵک گۆڕانکاریی دیموکراتیک لە سیاسەتی باشووری کوردستاندا بێتە دی.

کۆبوونەوەی کۆنسەی بەڕیوەبەریی کنك وەک خاڵێکی گرنگ لەسەر سیاسەتی حکومەتی ئەڵمانیا دژ بە کوردان هەڵوەستەی کرد. لەم ڕۆژانەی دواییدا هێرش و قەدەغەکردن لەسەر سیمبوڵە کوردییەکان وەک ئاڵاو ڕەنگی کوردان و هەروەها پۆستەری ڕێبەری کەجەکە عەبدوڵلا ئۆجەلان زیاتر بوون. حکومەتی ئەڵمانیا لەسەر پرسی ریفراندۆمیش لە باشووری کوردستان، سیاسەتی نەیارانەی خۆی ئاشکرا کردبوو. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بانگی حکومەتی ئەڵمانیا ئەکات کە شەڕی بە وەکالەتی ئاکەپە لە دژی کوردان بەڕێوەنەبات. هەروەها پێویستە حکومەتی ئەڵمانیا ئەوە بزانێت کە ك.ن.ك سیاسەتی گۆشەگیرکردنی ڕێبەری کەجەکە عەبدوڵا ئۆجەلان لە ئیمراڵی لە تورکیا. وەک پرسێکی نەتەوەیی ئەبینێت. لەو بارەیەوە ك.ن.ك هەموو چالاکییەکانی کوردستانیان لە ئەوروپاو هەندەران، بۆ ئازادکردنی ڕێبەری کەجەکە و سەرجەم زیندانیان لە زیندانەکانی داگیرکەراندا، سڵاو ئەکات و پشتگیری خۆی ڕائەگەیەنێت. ك ن ك هەروەها بانگی حکومەتی ئەڵمانیا ئەکات کە پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیاو ئێران، لەسەر حسابی کوردان ڕێکنەخات. ئیتر ئەوە ئاذشکرا بوو ئەو هێزانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیاری کوردانن، شکست دێنن، ئەوانەشی کە دۆستی کوردانن سەرکەوتوون.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، بە بۆنەی 25ی نۆڤەمبەرەوە، ڕۆژی دژی توندوتیژیی دژ بە ژنان، داوا لە ژنانی کوردو کوردستانیان ئەکات کە ژنان خۆیان وەک هێزێکی بنەڕەتیی پێشخستنی کلتوری دیموکراتی ببین. بەو هێزەشەوە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لەبەین بەرن. بە دەنگی بڵند و گیانی یەکێتی نەتەوەیی، ئەبێ ژنانی کوردیش دەنگی خۆیان بۆ دیموکراسی بڵند بکەن. لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا کێشەی توندوتیژیش چارەسەر ئەبێت.

کۆنسەی بەڕیوەبەریی ك ن ك وەک خاڵێکی تری گرنگ بە پێی بڕیارەکانی جڤاتی گشتیی 17 خۆی ڕێکخستەوە. لەو چوارچێوەیەشدا لەسەر کاری ڕێکخستنی و پراکتیکی خۆی هەڵوەستەی کرد. هەروەها کارو خەباتی پێشووی هەڵسەنگاند و پلانسازی بۆ قۆناغی داهاتوو کرد.

کۆنسە لەسەر پەیام و ئەرک و ڕێکخستنی کۆمسیۆن و کۆمیتەکانی ك ن ك ڕاوەستاو بەرپرسانی ئۆرگانەکانی کۆنگرە دەستنیشانکران.

وەک جێگرانی هاوسەرۆکان تاهیر کەمالیزادە و دڵشا ئۆسمان هەڵبژێردران. هەروەها فاروق جەمیل وەک ڕاوێژکاری هاوسەرۆکان دەستنیشانکرا.

**سەرۆکی کۆمسیۆنەکان**

1. کۆمسیۆنی کاری دەرەوە : ئادەم ئوزون
2. کۆمسیۆنی ژنان : دڵشا ئۆسمان
3. کۆمسیۆنی زمان، کلتورو پەروەردە : ءاڤێستا ئایدن
4. کۆمسیۆنی ژینگە : عەبدوڵلا ئیبراهیم زادە

**سەرۆکی کۆمیتەکان:**

1. کۆمیتەی ڕاگەیاندن : ڕەفیق غەفور
2. کۆمیتەی دارایی : زوبێر ئایدار
3. کۆمیتەی مافی مرۆڤ : بەهزاد پیرموسا

**کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – ك.ن.ك**

**برۆکسل** 13.11.20147